نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا کرد



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەیان برێم کونسولی گشتی نوێ فەرەنسا لەهەرێمی کوردستان کرد. نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیندراوێکدا باویکردوە" ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ یان برێم کونسولی گشتیی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، وڵای پیرزبایی بۆ دەستبەکاربوون، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و هەموو پشتگیرییەکی خۆی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەی دەربڕی، هەروەها خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەودانی پەیوەندییەکان لەگەڵ فەرەنسا، دووپات کردەوە. لای خۆیەوە برێم خۆشحاڵیی خۆی بۆ دەستبەکاربوونی وەك کونسولی گشتیی نوێی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە کار دەکات بۆ ئەوەی دەستایەتی و پەیوەندییەکان و هاریکاریی هاوبەشی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا فراوانتر بکات. بەنزیان هەروەها جەختی لە پابەندیی فەرەنسا بۆ پشتگیری لە هەرێمی کوردستان کردەوە. لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا، هەردوولا دەربارەی دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە بیروڕایان گۆڕییەوە.